# حسن: لە پەیوندی بردەوامداین لەگەڵ ئیدارەی نوێ لە سوریا سەبارەت بە شکستی تیرۆر



فوئاد حسن، وەزیری دەرەوە، پەیوندییەکانی بردەوامی لەگەڵ ئیدارەی نوێ لە سوریا سەبارەت بە شکستی دژی تیرۆر پشتڕاستکردەوە.

حسن ، لە میانی کۆنگرێسێکی ڕۆژنامەوانیدا کە لەگەڵ هاوتا تورکییەکەی هاکان فیدان ئەنجامیدا"" پەیوندی دووقۆڵی نێوان تورکیا و عێراق باش، دوای سەردانەکەی سەرۆک ئەردۆغان بۆ بەغدا گفتوگۆ لەسەر چەندێتی پێڕەپەدانی ئەو پەیوندییانە کرا".

ئاماژەی بەوەشکرد، "بوارگەلێکی فراوان هەیە بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ تورکیا لەسەر پرسە جیاوازەکان، لەوانەش پرسە ئابوری و سیاسییەکان"، جەختیشیکردەوە لە "باسکردنی بارودۆخی دەروبەری نێوان هەردوو وڵات بۆتایبەت چەندێتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی سوریا".

ئاماژەی بەوەشکرد، "عێراق لە پەیوندیدایە لەگەڵ ئیدارەی نوێی دیمەشق سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر".

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا، "باسمان لە بارودۆخی ئەمنی و بوونی داعشی تیرۆریستی کرد لەسەر سنوور"، ئاماژەی بەوەشکرد، "چەندین کۆبونەوە لەنێوان هەردوولادا هەبووە بۆ تاوتوێکردنی مەڵەفی ناوچەیی و شکستی تیرۆریستان، ئەم جگە لەوەی میکانیزمی جۆبەجێکردنی. یاداشتنامەی لێکتگەیشتنی

هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات تاوتوێکران”.